حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
کۆلێژی ئاداب- بەشی شوێنەوار

# بانکی پرسیار (Question Bank)

# هـونەری کـۆن

# Ancient Arts

## قۆناغی دووەم

## مامۆستای وانە


## م.ی رخصار عبدالغفور طه

بۆ پەیوەندی:
E-mail: rukhsar.taha@su.edu.krd

## ئامانج لە خوێندنی ئەم وانەیە:

خوێندنی ئەم وانەیە خۆی لەوە دەبینێتەوە کە زۆرێک لە پاشماوە شوێنەوارییە دۆزراوەکان کاری هونەرین و مرۆڤ و شارستانیەتە کۆنەکان لە دوای خۆیان جێیانهێشتووە، هەروەها تیشک دەخاتە سەر بنەما هونەرییەکان و بیردۆزە جیاوازەکان و شیکار و لێکدانەوەیان بۆ دەکات.

لایەنە گرنگەکانی خوێندنی وانەی هونەری کۆن هانی شوێنەوارناس دەدات کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لە داهاتوودا بتوانێت پارچە هونەرییە شوێنەوارییەکان بناسێتەوە و بەراوردیان بکات.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم وانەیە پرسیاری جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت، وەکو: بۆشایی و هەڵبژاردن و پێناسەکردن و ژماردن و باسکردن و وەسفکردنی پاشماوە شوێنەوارییە دۆزراوەکان لەوانە وەکو (جۆری پارچە شوێنەوارییەکە و لە چ مادەیەک دروستکراوە و دیاریکردنی سەردەمە مێژووییەکەی و جۆری کاری هونەری جێبەجێکراو لەسەر پارچە شوێنەوارییەکە) و هەروەها پرسیاری شیکردنەوەی پارچە شوێنەوارییە دۆزراوەکان و بەراوردکردن و دیاریکردنی تایبەتمەندی سەردەمە مێژووییەکان و پرسیار سەبارەت بە گرنگی و هۆکاری دروستکردنی پارچە شوێنەوارییەکان لە کۆندا بۆچی دروستدەکران و چەندین پرسیاری تر.... لە خوارەوە ئاماژەمان بە چەند پرسیارێک کردووە.

## چەند پرسیارێکی نموونەیی دەربارەی وانەی هونەری کـــۆن
## قۆناغی دووەم / بەشی شوێنەوار

پ١/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە تەواو بکە؟

1- لە ئەنجامی تێکەڵکردنی کانزای (زێڕ+زیو) کانزایەکی بەهێزتر دروست دەبێت پێدەڵێن ----------------.

2- لە ڕووی هەڵکۆڵینەوە مۆر لولەییەکانی سەردەمی جەمدەت نەصر بە زۆری ڕێگەی ------------------- بەکارهاتووە.

3- هێمای گەردوونی وەکو مانگ هێمای خوداوەند ------------- بوو، لە هونەری میسۆپۆتامیا.

4- لە مۆرە لولەییەکانی بنەماڵەی دووەمی سۆمەری ڕەگەزی مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەک ئاست دروستدەکران، ئەم تایبەتمەندیە لای پسپۆرانی ڕۆژئاوا پێدەوترێت---------------.

5- خواوەند ----------------- هێماکەی جاڵجاڵۆکە بوو،کە خوداوەندی ڕستن و چنین بوو لەسەر مۆرە لولەییەکانی سەردەمی----------------- دەردەکەوێت.

6- دروشمی شاری ئور بۆ یەکەمجار لە ----------------------- دۆزرایەوە، لەلایەن شوێنەوارناس -------------------.

پ٢/ شوێنەوارناسە ئەڵمانیەکان دیمەن و بابەتە هونەرییەکانی سەردەمی ئەکەدیان بۆ سێ سەردەم پۆلێن کردووە، ئەو سەردەمانە چیین بیانژمێرە بە ڕیزبەندی؟

پ٣/ میلی سەرکەوتنی (نەرام-سین) چییە باسی بکە؟ مێژووەکەی(سەردەم و ساڵەکەی) بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ تایبەتمەندی و گرنگـــــــــی ئەم مــــــــیلە بـــــــــۆ ئـــــــــێمەی شـــــــــوێنەوارناس چیـــــــــیە ڕوونیــــــــــبکەرەوە؟

پ٤/ میلی هەڵۆکان چییە باسی بکە؟ مێژووەکەی بۆ چ سەردەم و ساڵێک دەگەڕێتەوە؟ بە پوختی باس لە دیمەن و بابەتە هونەرییەکانی سەر ئەم میلە بکە؟

پ٥/ چەند جۆری شێوازی هەڵکەندن لەسەر مۆر هەیە؟ بیانژمێرە و باسیان بکە؟

پ٦/ گرنگترین تایبەتمەندیەکانی مۆرە لوولەییەکانی سەردەمی وەرکا چین بیانژمێرە؟

پ٧/ بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی وەرکا بۆ دروستکردنی ئامراز و کەلوپەلە کانزاییەکان دوو ڕێگا بەکارهاتووە ئەو دوو ڕێگایە چین باسیان بکە؟

پ٨/ گرنگترین تایبەتمەندیەکانی مۆرە لولەییەکانی سەردەمی جەمدەت نەصر چیین باسیان بکە؟

پ٩/ ئەو شوێنانە بژمێرە کە پەیکەرە سۆمەرییەکانی لێدۆزراوەتەوە لە میسۆپۆتامیای کۆن؟

**پ١٠/ گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لەسەر تابلۆ قوربانیەکان(الالواح الطينية ) نەحتکراون چیین بیانژمێرە؟**

**پ١١/ مۆرەکانی بنەماڵەی دووەمی سۆمەری لە چەند ناوچەیەک بڵاوبوونەتەوە ئەو ناوچانە چیین بیانژمێرە؟**

**پ١٢/ پەیکەری بناغە (تماثيل الاسس) چییە؟ وە بۆ چ مەبەستێک دروستدەکران؟**

**پ١٣/ بۆچی گشت ئەو پەیکەرانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بنەماڵە سۆمەرییەکان دۆزراوەتەوە بۆ ئێمەی شوێنەوارناس گرنگ و جێگەی بایەخە؟**

**پ١٤/ قاپی قوربانی(الاناء النذری) چییە باسی بکە؟ مێژووەکەی بۆ چ سەردەم و ساڵێک دەگەڕێتەوە؟ ناوەرۆکی بابەتە هونەرییەکانی سەر ئەم قاپە شیبکەرەوە؟**

**پ١٥/ ڕای شوێنەوارناسان سەبارەت بە (١٢) پەیکەرەکانی (گردی ئەسمەر و ئەجرەب و خەفاجی) چیین باسیان بکە؟**

**پ١٦/ باس لە میلی سەرکەوتنی (نەرام – سین) بکە، بە گوێرەیی ئەم داواکاریانەی خوارەوە؟**

**١- چ جۆرە کارێکی هونەرییە؟**
**٢- پێوانەی ئەم میلە چەند؟**
**٣- مێژووەکەی بۆ چ (سەردەم و ساڵێک) دەگەڕێتەوە؟**
**٤- لە چ ساڵێک و لە لایەن کێ دۆزرایەوە؟**
**٥- تایبەتمەندی و گرنگی ئەم میلە بۆ ئێمەی شوێنەوارناس چییە ڕوونبیکەرەوە؟**

**پ١٧/ باس لە تایبەتمەندی پەیکەرەکانی پاشا گودیا بکە لەسەردەمی بنەماڵەی لەگەشی دووەم؟**

**پ١٨/ گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لەسەر تابلۆ گڵێنەییەکان نەخشدەکران لەسەردەمی بابلی کۆن چیبوون بیانژمێرە؟**


**پ١٩/ پەیکەرە برۆنزییەکان چییە باسی بکە؟ بۆ چ مەبەستێک دروست دەکران؟ مێژووەکەی بۆ چ (سەردەم و ساڵێک) دەگەڕێتەوە؟**

**پ٢٠/ بەپشت بەستن بە وێنەکان، وەڵامی ئەم چوار خاڵەی خوارەوە بدەرەوە؟**

**أ/ ئەو پارچە شوێنەوارە چییە؟**
**ب/ لەچی دروستکراوە(ماددەکەی)؟**
**ج/ مێژووەکەی بۆ چ (سەردەم و ساڵێک) دەگەڕێتەوە؟**
**د/ چ جۆرە کارێکی هونەرییە؟**



**وێنەی ١**



**وێنەی ٢**



**وێنەی ٣**

*****بەهیوای سەرکەوتن*****

**مامۆستای بابەت:**

**رخصار عبدالغفور طه**